مرۆڤێکی مەزن

# کۆڕێکی ڕێزلێنان بۆ نوسەری ناسراوی کورد حسێن عارف
# لە ئەمستردام

سەردار



پێشکەشە بە حسێن عارف لەگەڵ چاپەکی شیرین
ئەمستردام 2007-06 -16

ڕۆژی 2007/06/16 لە ئەمستردام لە لایەن دەستەیەک لە خوێنەرانی بەرهەمەکانی مامۆستا (حسێن عارف)ەوە بە ئامادەبوونی کۆمەڵێک لە نوسەران و ڕۆشنبیران و هونەرمەندان و دۆست و هاوڕێیانی نوسەر بە بۆنەی سەردانیەوە بۆ هۆڵەندە، ئێوارە کۆڕێکی ڕێزلێنان و نرخاندنی بەرهەمەکانی بۆ ساز کرا، لەو کۆڕەدا مۆمی هەفتا و یەک ساڵەی تەمەنی کوژێندرایەوە و بە بۆنەی تێپەڕبوونی نیوسەدە زیاتر بەسەر داهێنان و بەخشش و بەرهەمەکانی بۆنەیەکی شیاو شایستە بۆ ئەم مەبەستە بەرز و پیرۆز ڕاگیرا.




* سەرەتا بە چەند پارچە مۆسیقایەک لە لایەن هونەرمەندان شیروان غەفور و محەمەد بەکر بۆنەکە کرایەوە و پاشان لە لایەن (سەردار فەتاح ئەمین)ەوە، کە سەرپەرشتی ئامادەکردنی ئەم یادەی کردبوو، بەخێرهاتنی ئامادە بووان و مامۆستا حسێن کرا و لە ووتەیەکی کورتتدا ووتی: ئەو مرۆڤە مەزنەی ئێستا ئێوە دەیبینن، خەرمانێکی لە بن نەهاتووی ووشە و داهێنانی نوێی ڕەسەنی

کوردیە، ڕۆژگارێک، کە بۆ یەکەم جار ئێمە ومانان ئاشنای ووشە بووین، خوێندنەوە خوراکی شەو ڕۆژمان بوو، ناوەڕاستی سالآنی هەفتا بە خوێندنەوەی ووشەکانی چەند نوسەرێکی کورد ئاشنا بووین، یەکێک لەو نوێکەرەوە و داهێنەرانەی چیرۆکی هونەری کوردی، کە سەرەتاکەی لە دەیەی سەدەی بیستەوە لە چیرۆکی (لە خەوما) ی جەمیل سائیبەوە دەستی پێکرد، چەندین چیرۆک نووسی تر بوون ڕێچکەکەیان شکاند و شۆڕشێکیان بەرپاکرد، یەکێک لەو پێشەنگانە مامۆستا حسێن عارف بوو.

ئەم مەزنە لە تەمەنی 13–14 ساڵیەوە تێکەڵاوی دنیای سیاسەت بووە و هێشتا لە شەشەمی سەرەتایی بووە، ساڵی 1950–1951 گیراوە، لەو کاتەوە خولیای نوسین لە لای دروست بووە و گرتن و دوور خستنەوە زیاتر قاڵی کردووە.

من بۆ خۆم بۆ یەکەم جار لە ڕێی کۆمەڵە چیرۆکی (کڵافەیەک ژانی توورە)ەوە، ئەم نوسەرەم ناسی و خۆش ویست و بە هیوا بووم ڕۆژێک لە ڕۆژان لە نزیکەوە بە خزمەتی بگەم، تا ئێستە دەرفەتێکی ئەوتۆم بۆ نەڕەخسابوو. بەڵام هەستم کردووە لە ڕێگەی چیرۆکەکانیەوە لێی نزیکم، چایی شیرین ئەم ساڵ 50 ساڵی خشتە نوسراوە، هێشتا چێژێکی ئەدەبی بەرز و تام و بۆیەکی تایبەتی تێدایە بۆ خوێنەرانی ... دوژمنەکەی مام قیتەڵ، خازەش مرد، نان و کەوەری خوێناوی، چاڵی جەرگی پیرێژن، میمکە هۆڵێ، ڕێگا و کاتی وون، تەقەی سام ڕوێن...بە هەمان شێوە.

من نامەوێ لێرەدا لە هیچ ڕوویەکەوە دەربارەی ئەم نووسەرەی مەزنەی کورد بدوێم، تەنها ئەوەندە دەڵێم ئێمەی بە ووشەکانی دڵشاد و بەهرەمەند کردووە، ئەمڕۆش بەختەوەرین کە لە شاری ئەمستردام لە هۆڵەندە توانیمان میوانداری بکەین و پێمان ڕازی بوو چەند کاژێرێک لە کاتە بەنرخەکانی خۆیی بۆ ئێمە تەرخان بکات، بە خێرهاتنی ئەکەین بۆ هۆڵەندە بۆ ئەمستردام هیوای لەشساخی و تەمەندرێژی بۆ ئەخوازین، دیسانەوە بەناوی خۆم برادەرەکانم، سوپاسی ئەکەم بۆ ووشەکانی بۆ بەرهەمە بەنرخەکانی بۆ ئەو خۆشەویستیەی، کە هەست ئەکەم بەشێکی زۆری بە هۆی بەرهەکانی (حسێن عارف) ەوە، پێی بەخشیووین. کڵافەیەک ژانی توورە، دوو بەرگی ڕۆمانی شار، گەلەگورگ، توێشووی سەفەرێکی سەخت، ئەندێشەی مرۆڤێک و دەیان چیرۆک و نوسین و بابەتی ڕەخنەیی و وەرگێڕان و لێکۆڵینەوەی جۆراو جۆر، جگە لە کارە بەردەوامەکانی لە بورای ڕۆژنامەگەری کوردیی.

مامۆستا (حسێن عارف) نیو سەدە زیاترە بە بەخششە ئەدەبیەکەی، خەرمانێکی لە بن نەهاتوی پڕداهێنانی خستۆتە سەر ئەدەبی هاوچەرخی کوردی. بۆ ڕێزلێنانێکی تایبەت و نرخاندنی کارە ئەدەبی و چیرۆک و ڕۆمان و نوسینەکانی ئەم چیرۆکنوسە ناسراوەی کورد لە ئەمستردام لە هۆڵەندە لە کۆڕێکی بچووک و سادە و ناوەڕۆک دەوڵەمەندا، بەسەریان کردەوە.

لە بڕگەیەکی تری بۆنەکە.....دا

* ئاراس کەمال باسی ئەوەی کرد کە مەزنی مامۆستا (حسێن عارف) لە کۆڕێکی وەک ئەمشەودا ناتوانین بە ڕاگوزەر بەسەریدا ڕاببورین. لە مێژوویی ئەم 50 ساڵەی کوردی باشووردا ئێمە هەر بوارێکی بگرین چ نوسین و ڕۆژنامەگەری و سیاسەت بێ ئەوا سیمای گەشی یاخی بوونی (حسێن عارف)ی تێدا ئەبینینەوە، هەموو بەندیخانەکانی ڕژێمە یەک لە دوای یەکانی عێراق هەر لە شوعەیبە و شارەکانی تر و سلێمانی و تەنانەت بەندیخانەی دەزگای پاراستنی شۆڕشی کوردیش پریشکی بەر ئەم کەڵە نوسەرەی کورد کەوتووە، خەباتی گشتگیری بۆ هەموو ڕەنگەکانی پارتە

سیاسیەکان لە خۆگرتووە، لە کاتێکدا کۆمۆنیست بووە، چۆتە ڕیزی شۆڕشی ئەیلولەوە.

* پاشان باخچە موحەمەد لە بڕگەیەکی تردا باسی لەوە کرد، لە کاتی بەرنامەڕێژی ئەم بۆنەیەدا بۆ مامۆستا حسێن عارف بیر لەوە کراوەتەوە، چەند دەقێکی لەم ئێوارەیەدا بخوێنرێنەوە. بۆ ئەم هەڵبژاردنە پێویستی کرد بگەڕێینەوە بۆ چیرۆک و ڕۆمانەکانی و هەندێکیان سەر لە نوێ بخوێنرێتەوە.

گەڕانەوە و خوێندنەوەی ئەو دەقانە، کە بە منداڵی و هەرزەکاری خوێندومنەتەوە بۆ خۆی ئەزمونێکە کە لە خۆت و ڕابردووت نزیک ئەکاتەوە... کۆمەڵێک یادگاری تاڵ و شیرین و ساتە وەختی لە یاد چوو زیندوو ئەکاتەوە.



بیرمە لەو کاتانەدا کە شار غەمگین و خامۆش بوو هەموو قوژبنێکی شار بۆنی پرسە و مەرگی لێ ئەهات..کە مەنع تەجەولێک ئەیدایە دەست مەنع تەجەولێک و بۆردمانێک جێی ئەهێشتین بۆ بۆردومانێکی تر، ئەو سەردەمانە هیوا زیز بوو، ئازادیووشەیەکی بێ ناز و بێناوەڕۆک بوو.. منداڵان ئەگیران و هاو تەمەنەکانمان ئەبران و کەس نەیئەبینینەوە. ترس و ترس و ترس.. تەنها ترس هەبوو، تەلەفزیۆنەکانمان، پڕ بوون لە لاشەی وونجڕ وونجڕی وێنەکانی جەنگ جانتای مەکتەب و دەفتەر ئینشاکانمان لێوان لێو بوو لە فاشیزم. دەرگا و پەنجەرەی ماڵەکان توند دائەخران دیوارەکان هەتا ئەهات ئەستور تر .. ئەبوون ستارەی سەربان تا ئەهات چینی زیاتری ئەخرایە سەر، بۆ من وەک منداڵێکی ئەو سەردەمە شتێک نەبوو ناوی کۆمەڵگا بێت ناوەندمان هەزار فرسەق دوور بوو.. لە شارێکدا ئەژیاین نەمان ئەناسی پێی نامۆ بووین و لە یەک بەدگومان بووین، مەودای نێوان ئێمە و ئەوان پڕ بوو لە نەناسین و غەریبی، ئا لەو ڕۆژانەدا ڕۆمانی شار ئەهاتە ژوورەکەتەوە، پەلی ئەگرتی و شوراکانی ئەبەزاند، ئەیبردیتە دەرێ لەگەڵ خۆی ئەیناساندی بە خەمەکانی شار یەک بە یەک، پاڵەوانی چیرۆکەکانی حسێن عارف لە خۆمان ئەچوون بە زمانی ئێمە قسەیان ئەکرد، هەر بۆیە کە لە دوو توێی چیرۆکێکا سەردانیان ئەکردی زوو ئەبوونە هاوڕێت ڕووح سووک بوون زوو ئالودەیان ئەبووی. هەر کتوومت لە خۆمان ئەچوون، بڕوایان بە پاڵەوانێتی بڵندگۆکان نەبوو، وەک ئێمە بێ هیوا وەک خۆمان بێ دەستەڵات بوون. ئەو چیرۆکانە پەنجەرە بوون بەڕووی دنیای دەرەوەدا، هەروەک هەندێ جاریش بە تولە ڕێیەکدا ئەیانبردی و

هەنسکێکی خۆت و عەشقێکی خۆت و خەمێکی خۆتیان پیشان ئەدای...لە فەرهەنگێکدا، کە نکۆڵی لە هەست و نەفرەت لە جەستە ئەکات، بە خۆتیان ئاشنا ئەکردیتەوە.



هەڵکشانی تەمەن و ئەزموونی ژنێتیی کاریگەرییان لەسەر بینین و بیستن جێ ئەهێڵن .. بۆیە ئەو چیرۆکەی کە جاران وەک چیرۆکێکی سادەی خۆشەویستی خوێندومەتەوە و بزیەکی پێ بەخشیووم... ئێستا... کە جارێکی تر خوێندمەوە مانایەکی تری دامێ...ئاخر من دوای گەیشتنە ئەوپەڕی فێمینیزم و گەڕانەوەم دوای تووڕە بوون و هێور بوونەوەم... گەیشتمە ئەو باوەڕەی، کە ئێمە واتە نێر و مێ دوو بونەوەری جیاوازین بە دوو زمانی جیاواز گوزارشت ئەکەین لە هەستمان... چاوەڕوانی جیاوازمان لە خۆشەویستی هەیە... واشم ئەزانی زۆر تازەم لەم گەیشتنە دەرئەنجامەدا، کە ئەم چیرۆکی (چای شیرین)ەم جارێکی تر خوێندەوە، زانیم حسێن عارف 50 ساڵ پێش ئێستە بە زمانێکی زۆر سادە بێ تووڕە بوون لە چیرۆکێکی خۆشەویستیدا باسی ئەو لەیەک نەگەیشتنە ئەکات.

لێردا باخچە دیسانەوە چیرۆکەکەی بۆ ئامادەبووان خوێندەوە.



* نوسەر و توێژەر مەریوان ووریا قانع لێکۆڵینەوەیەکی بە پێزی دەربارەی نوسەرانی نەوەی حسین عارف و نەوەی دوای ئەو پێشکەش کرد و خۆیشی بە یەکێک لەو نوسەرانە لە قەڵەم دا، کە لە پاش ئەو نوسەرانە دەستیان بە نوسین کردووە و حسێن عارفی بەوە جیا کردووە، کە یەکێکە لە پێشەنگەکان و بە نوسەرێکی سرک و یاخی سەردەمەکەی خۆی دادەنرێت و یەکێکە لەو کۆمەڵە نوسەر یاخیەی کە لە ساڵی 1969– 1970 بە یاننامەی ئەدەبی ڕوانگەیان لەگەڵ شێرکۆ بێکەس و جەلال میرزا کەریم و جەمال شارباژێڕیدا دەرکردووە و سێ ژمارەیان لە گۆڤاری ڕوانگە بڵاوکردۆتەوە، ئەمان بوون دروشمی (ئەی قەڵەمە نەترسەکان یەکگرن)یان جاردا و ئازادی ژنانیان کردە بەرنامەی خۆیان ئەو بانگەوازەیان دا بە گوێی جەماوەردا، مەریوان ئەوەی ڕوونکردەوە ئەم دەستەیە شۆڕیان لە ناو شۆڕشدا بەرپاکردووە و لەو سەردەمەدا لە بڵندگۆی مزگەوتەکانەوە کۆنەپەرستان دژیان وەستان و خوێنیان حەڵاڵ کردون. مەریوان باسێکی بە پێز و بەراوردێکی جوانی لە نێوان ئەم نەوەیە و نەوەی خۆیاندا کرد و ئاماژەی بە کاریگەری ئەدەب و نوسینی حسێن عارف و هاوڕێکانی لەسەر نەوەی خۆیان دا.

* لە بڕگەکانی تری ئەم بۆنەیەدا هاوڕێ و دۆستی مامۆستا حسێن عارف، مامۆستا ساڵح موحەمەد ئەمین قازانی چەند یادگاریەکی بە چێژی ساڵانی ڕابردووی خۆی و حسێن عارفی هاوڕێکانیان گێڕایەوە و ئاماژەی بە چەندین هەڵوێستی جوامێرانە و یاخیانەی نوسەر کرد، کە لە هەموو سەردەمەکاندا بەرەنگاربوونەوە جوامێری ئەم کەڵە نووسەرەی دووپاتدەکردەوە، تەنانەت بەرانبەر ئەو حیزبەی کە حسێن عارف خۆی کاری تێدا کردووە حیزبی کۆمۆنیست، کە ئەگەر دژی بەرژەوەندی گەلەکەی بووبێ لێ یان بێ دەنگ نەبووە، بۆ ئەم مەبەستە چەندین نموونەی زیندووی هێنایەوە.

* هونەرمەند (شەماڵی عەبەڕەش)یش سەرەڕای گێڕانەوەی چەند یادگاریەکی خۆی لەگەڵ مامۆستا حسێن عارف دا دەربارەی دەقی چیرۆکەکانی ئەم نوسەرە، کە هەندێکیان بۆ شانۆ نمایش کراوە، ڕۆڵی تێدا بینیوە، باسی کرد چۆن ساڵی 1974 لە چیرۆکی چاڵی جەرگی پیرێژن لە چۆمان دەوری بینیوە، کاتێک لە دەرەوە لە شۆڕشی ئەیلول پێشمەرگە بوون. جارێکی دی لەم بۆنەیەشدا کاک شەماڵ ئەم دەقەی بە شێوەی نمایش خوێندەوە، کە بە جارێک دانیشتوان بە بێدەنگی و سەرنجەوە گوێدێری بوون.

* لە نێوان بڕگەکانی بەرنامەکەدا هونەرمەندانی مویزیک شیروان غەفور و محەمەد بەکر و نەجات جەوهەر بە دەفەکەی چەندین پارچە موسیقای ڕەسەنی کوردیان پێشکەش بە مامۆستا حسێن عارف و ئامادەبووان دەکرد و هونەرمەندی دەنگ خۆش کاک سەلاح مەجید چەند مەقامێکی هومایۆنی پێشکەش کرد.




* دوا برگەی بۆنەکە خاتوو بیریڤان جەمال حەمە سەعید، کە ڕۆڵێکی گرنگ و دیاری هەبوو لە ئامادەکردنی ئەم ڕێزلێنانەدا، ئاماژەی بەوەدا لە دەرەوەی ڕێکخراو و دەزگا و دامەزراوە کوردیەکان لەگەڵ ئاراس کەمال و باخچە محەمەد و سەردار فەتاح ئەمین دا، ئەم ئەرکەیان لە ئەستۆ گرتووە.
پاشان ووتی حسێن عارف تەنها لە بواری چیرۆک و ڕۆمان و لێکۆڵینەوەدا پێشەنگ نەبوو، بەڵکو وەرگێڕێکی باش و سەرکەوتووە و دەقێکی مەزن و گرنگی وەک کتێبی (میر 1513)ی نیکۆلای مەکیاڤیللی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی. ئەم کتێبە چەندین جار لە لایەن ناپلیۆن و ستالین و هیتلەر و سیاستمەدارانی دیکەوە خوێندراوەتەوە و پەیڕەوی کراوە، تا ئێستەش ئەم کتێبە ناوەڕۆکی گرنگی خۆی لە دەست نەداوە و لە زانکۆکاندا بە تایبەتی لە هۆڵەندە بایەخی پێئەدرێت و توێژینەوەی لەسەر ئەکرێت.
خاتوو بیریڤان ئاماژەی بەوەشدا یەکەمجار ساڵی 1982 کە ئەم کتێبەی خوێندۆتەوە، سوودێکی زۆری لێوەرگرتووە، بەڵام هێندەی ئێستا بە سەرنجەوە لێی نەڕوانیوە، هەر لەوێدا پەیمانی بە حسێن عارف دا پۆترێتێکی ئەرازموس و تۆماس مۆر ( دوو ڕوناکبیر و هاوکات هاوڕێی یەکتر، کە لە کتێبی کتێبی (میر) دا ناویان براوە) پێشکەشی حسین عارفی بکات.
پاشان بەڕێزی چەندین پرسیاری سەرنج ڕاکێشەر و وورژێنەری ئاڕاستەی دادە (خانم)ی هاوسەری نوسەر و خاتوو تریفەی کچی کرد، کە ئەوانیش ڕاکشاوانە وەڵامیان دایەوە، دادە خانم باسی ئەوەی کرد، کە حسێن عارف هەمیشە تایبەتمەندێتی خۆی هەبووە لە کاتی نوسیندا و ئەم باری بۆ ڕەخساندووە بۆ ئەوەی زنجیرەی بیری نەپچڕێنرێ کە سەرقاڵی نوسین و خوێندنەوە دەبێت، کاتێ کە دەچێتە ژووری سەرەوە بۆ ئەوەی لە شوێنێکی ئارام و بێدەنگدا بنوسێت. ووتی هەموو جارێک پێی دەڵێم بچۆ بۆ لای ژنەکەی سەرەوەت (واتە نوسین و خوێندنەوە) ئێستە بانگت ئەکات. حسێن عارف هەر چیەکیش بنوسێت یەکەم کەس بۆ هاوسەرەکەی دادە (خانم) ی دەخوێنێتەوە.
* بۆنەکە بە دیاریەکی دانسقە و دەگمەنی ڕەمزی کۆتایی هات، کە لە لایەن ئەو گروپە چوار

**کەسیەی بۆنەکەیان ئامادە کرد بوو پێشکەشی کرا و کێکی لە دایکبوونیان لە شێوەی کتێبی ڕۆمانی شار بۆ دروست کردبوو بۆ یادی لە دایک بوونی 71 ساڵی نوسەر و تێکرا ئامادەبووان گۆرانی (هەموو ساڵێک بە خۆشی و دە پیرۆز بێ پیرۆز بێ یادی لە دایک بوونت)یان بۆ مامۆستا حسێن عارف چڕی، مامۆستا حسێن ئەم بۆنەیەی زۆر پێخۆش بوو سوپاسی ئامادەکەرانی کرد.**




